# یاسای یەکەمین گۆڕینی یاسای ژمارە ((١٦))ی ساڵی ١٩٩٢

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار:٧**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٤/٣/٣١**

## «بڕیار»

بەپێی حوکمی بڕگە «١» لەماددەی «٥٦»ی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر پێشنازی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجوومەن، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٤/٣/٢٠دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٤
## یاسای یەکەمین گۆڕینی یاسای ژمارە «١٦»ی ساڵی ١٩٩٢.

**ماددەی یەکەم:**

ئەم بڕگەیەی خوارەوە دەخرێتە سەر ماددەی دووەمی یاسای ژمارە «١٦»ی ساڵی ١٩٩٢و دەبێتە بڕگە «٨»ی:

٨ـ ئەگەر ماڵەدەست بەسەر داگیراوە کە کەلاوەیەکی بەتاڵ بووبێ و بەهۆی شووڕە بونە کردنییەوە دەستی بەسەر داگیرابێ و خاوەنەکەی چووبێتە پاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد یا بەو هۆیەوە گیرابێ لەماوەی جێبەجێ بوونی بڕیاری (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی ژمارە «١٢٢٣»ی رۆژی ١٩٨١/١١/١٣، چارەسەرکردنی ئەنجامەکانی ئەو بڕیارەی سەرەوە بەم جۆرە دەبێ:

أ ـ ئەگەر کەلاوەکە تا کاتی دەرچوونی ئەم یاسایە هێشتا هەر بەتاڵ بوو دەدرێتەوە بەخاوەنە ئەسڵییەکەی و بەناوییەوە تۆمار دەکرێ و هەر کڕیارێکیش مافی گەڕانەوەی بۆ سەر ئەوەی پێش خۆی هەیە بەو پارەیەی لە بڕیی نرخەکەیدا داویێتی.

ب ـ ئەگەر کڕیاری یەکەمی موڵکە دەست بەسەرداگیراوە کە خانووبەرەی لەسەر بیناکرد بوو بەپێی تۆماری موڵکداریی خاوەنە ئەسڵییەکە سەرپشک دەکرێ لەنێوان هەڵگرتنەوەی خانووبەرەکە بەنرخەکەی یا فرۆشتنی زەوییەکە بەخاوەنی خانووبەرەکە بەنرخی کاتی دەرچوونی ئەم یاسایە.

ج ـ ئەگەر کەلاوەکە خانووبەرەی لەسەر کرابێ وبەپێی تۆماری مولکداریی خاوەندێتییەکەی لەدەست کریاری یەکەمدا نەمابێ، دواکریار دەبێ نرخی کەلاوەکە بەپێی کاتی دەرچوونی ئەم یاسایە بدا بە خاوەنە ئەسلییەکەو هەر کریارێکیش بۆی هەیە بگەڕێتەوە سەرپێش خۆی بەو پارە زیادەیەی دەیدا.

د ـ حوکمەکانی ئەم یاسایە گشت ئەو کێشانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە دەست بەسەر داگرتنی کەلاوە بەهۆی شوورە بونەکردنییەوە و کەلەوەو بەر لەلایەن ئەو لیژنانەوەی بەپێی ماددەی نۆیەمی یاسای ژمارە «١٦»ی سالی ١٩٩٢ پێکهاتبوون بڕیاریان تیادا دەرچووە، ئیتر سا گەیشتبنە پلەی بنبڕ یا نەگەیشتبن.

**ماددەی دووەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

Mizan AL-Adalah firm For Lawyers and Legal Consultants
M.A.L Co.